**زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر**

Salahaddin University – Erbil

# کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر ئەفغانستان

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

ئامادەکراوە لەلایەن:

**زهراء نەوزاد ڕۆستەم**

بەسەرپەرشتی:

**د.پەرویز رحیم قادر**

**٢٠٢٢-٢٠٢١**

**پێشکەشە بە:**

**- بە دایک و باوکی خۆشەویستم کەوا رەنج و ماندوو بوونیان لەگەڵم کێشاوە هەردەم پشتیوان و یارمەتی دەرم بوون لە تەواوی پرۆسەکانی خوێندن.**

**- پێشکەشە بە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان و مامۆستا بەرێزەکان کە رەنجیان کێشاوە لە گەڵمان.**

**- پێشکەشە بە هەموو فێرخوازانی رێگای زانست و زانیاری بە هیوای گەیاندنی سوود.**

## سوپاس و پێزانین:

- بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم.

- بۆ دکتۆر و مامۆستا بەڕێزەکانی کۆلێژەکەمان کە هاوکارم بوون بۆ درووستکردنی ئەم توێژینەوەیە بە پێدانی سەرچاوە و زانیارییەکانیان.

## راسپاردەی سەرپەرشتیار

گەواهی دەدەم کە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە (کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر ئەفغانستان) لەلایەن خوێندکاری بەکالۆریۆس (زەهراء نەوزاد ڕۆستەم) ئەنجام دراوە، لە ژێر چاودێری خۆم لە بەشی زانستە سیاسییەکان/کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەددین، کە ئەویش بەشێکە لە پێداویستی وەرگرتنی پلەی بەکالۆریۆس لە زانستی سیاسییەکاندا.

ناوی سەرپەرشتیار/ د. پەروێز ڕەحیم قادر

پلەی زانستی/

ڕێکەوت/ / /٢٠٢٢

واژووی سەرپەرشتیار/

# پێرست


| لاپەڕە | بابەتەکان | دابەشکردن |
|---|---|---|
| ١-٣ | پێشەکی | |
| ١٠-١٧ | پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئەفغانستان | بەشی یەکەم |
| ١٠-١٤ | مێژوویی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئەفغانستان | ١-١ |
| ١٥-١٧ | ستراتیژییەتی ئەمەریکا دوای روداوەکانی ١١ سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ | ١-2 |
| ١٨-25 | هۆکارەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان | بەشی دووەم |
| ١8 | هۆکاری سیاسی | 1-2 |
| 20 | هۆکاری سەربازی و ئاسایش | ٢-٢ |
| 22 | هۆکاری ئابووری | ٢-3 |
| ٢4 | هۆکاری جیۆپۆلۆتیك | ٢-4 |
| 25-30 | لێکەوتەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان | بەشی سێیەم |
| ٢5 | لێکەوتەی سیاسی | ٣-1 |
| ٢7 | لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی | ٣-2 |
| ٢9 | لێکەوتەی ئەمنی و ئاسایش | ٣-٣ |
| 30 | دەرئەنجام | |
| 31 | لیستی سەرچاوەکان | |

# پێشەکی

لە ماوەی جەنگی سارد دا ئەفغانستان ببوو بە سەنتەری جەنگی بەنوێنەرایەتی (Proxy war) لەنێوان هەردوو زلهێزی جیهان( ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت)، هەردوو زلهێز چاویان بریبووە ئەفغانستان و ئەیانویست بیخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە. هەرچەندە ئەفغانستان لە رووی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی و سامانی سروشتییەوە وڵاتێکی تارادەیەك هەژارە، بەڵام پێگە جیۆپۆلۆتیکییەکەی بەردەوام بۆتە جێگەی ململانێی زلهێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان، چونکە ئەفغانستان دەکەوێتە ناوەراستی کیشوەری ئاسیا کە بەدڵی ئۆراسیا دادەنرێ و هەروەها دەکەوێتە نزیک سنووری وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆم (هیندستان و پاکستان و رووسیا و چین). بەمەش ئەفغانستان بەردەوام بۆتە گۆرپانی شەر و کوشتاری و یەکلاییکردنەوە جەنگی نێوان زلهێزەکان کەئەمەش کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەسەر سەقامگیری ئەفغانستان و بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و نەخوێندەواری و برسییەتی بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا و هەموو ئەمانەش هۆکار بوون بۆ درووستبوونی ناسەقامگیری سیاسی لەو وڵاتەدا.

رووداوەکانی ١١ سێپتەمبەر ساڵی ٢٠٠١ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە هۆی گۆرانکاری لە ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاستی ناوەخۆ و دەرەکی دا. ئەمەریکا پاش ئەو رووداوە لەجیاتی ئەوەی کۆمەڵێك دەوڵەت ببنە هەرەشە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، کۆمەڵێك گروپ وکارەکتەری نادەوڵەتی بوونە هەرەشە، وەك رێکخراوە تیرۆریستییەکان. ئەمەش هۆکار بوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ وە پاشان هێرشکردنە سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەبیانووی بوونی چەکی کۆکوژ، ئەم دوو وڵاتە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری 2001 کەوتنە ژێر هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەو ماوەیەدا ئەمەریکا بەردەوام لە هەوڵدا بوو بۆ بەدیموکراسیکردن و بەدامەزراوەیکردنی دامەزراوەکانی ئەفغانستان و عێراق لەرێگەی پشتیوانیکردن لە هەڵبژاردنەکان و گرنگیدان بە بەشداری سیاسی تاکەکان لە بریارەکانی حکومەت و مەشق و راهێنانی سەربازی بە سوپای ئەو دوو وڵاتە وهەروەها گرنگیدان بە پێگەیاندنی گەنجانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە چالاکییە هونەری و رۆشنبیریەکانی لەو وڵاتە. بەڵام سەرەرای پشتیوانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ حکومەتی ئەفغانستان بەڵام حکومەتێکی لەرزۆك و لاواز بوو لەبواری ئاسایشی و سیاسی و ئابووری، چونکە ئەفغانستان هاوشێوەی هەندێ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست گیرۆدەی چەندین کێشەو گرفت بوو، وەکو: گەندەڵی، هەژاری، توندرەویی ئایینی و نەخوێندەواری کە ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و هەڵوەشانەوەی حکومەت و دووبارە ئەو وڵاتە ببێتەوە مۆڵگەی تیرۆریستان لە هەموو جیهان.

## گرنگی توێژینەوە

پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بە پرسێکی گرنگ دادەنرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. هەروەها ئەفغانستان لە ماوەی جەنگی ساردا و دوای رووداوەکانی ١١سێپتەمبەر سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە و بەردەوام رووبەرووی قەیرانە ناوەخۆییەکان بۆتەوە، هەروەها لەژێر هەرەشەی گروپە تیرۆریستییەکانی ئەو وڵاتەدا بووە، وەکو(القاعدة و بزوتنەوەی تاڵیبان) هەموو ئەمانەش هۆکار بوو بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان، چونکە ئەمریکا ساڵانە بودجەیەکی گەورەی تەرخان دەکرد بۆ ئاوەدانکرنەوەی ئەفغانستان و ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە و بەهێزکردنی سوپا، بەڵام سەرباری هەموو ئەو هاوکارییەش ئەفغانستان نەیتوانی لەرووی پاراستنی ئاسایشی وڵات پشت بەخۆی ببەستێ، دواجار ئەو وڵاتە کەوتە ژێردەستی گروپێکی تیرۆریستی و بوو بە مۆڵگەی

تیرۆرستان لە سەرتاسەری جیهان کە ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی دیاردەی کۆچکردنی هاوڵاتیانی ئەفغانی بۆدەرەوەی وڵاتی خۆیان، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی ئێجگار گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە  لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

١-تیشك خستنەسەر پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئەفغانستان دیاریکردنی پەیوەندییەکەیان لەرووی مێژووییەوە.

٢-دەستنیشانکردن و روونکردنەوەی ستراتیژیەتی ئەمەریکا دوای رووداوەکانی ١١سێپتەمبەر بەگشتی و بەرامبەر بە ئەفغانستان بە تایبەتی.

٣-روونکردنەوەی ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کە گاریگەریان هەبووە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان.

٤-ئاماژەدان بە لێکەوتە ناوەخۆییەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بەتاییەتی.

## پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە چ شێوەیەک و تاچەند کاریگەری دەبێت لەسەر بارودۆخی ئەفغانستان؟

**پرسیارە لاوەکییەکان:**

١- پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئەفغانستان لە چ ئاستێکدا بوو پێش ساڵی  ٢٠٢١؟

٢-ستراتیژییەتی سیاسی و سەربازی ئەمەریکا دوای ١١سێپتەمبەر بەرامبەر بە ئەفغانستان چۆن بوو؟

٣-هۆکار و لێکەوتەکانی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان چی بوون دوای رووداوەکانی ١١سێپتەمبەر؟

٤- مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان تا چ رادەیەك گاریگەری هەبووە لەسەر سەقامگیری ئەو وڵاتە و پاش دەرچوون و پاشەکشەی ئەمریکا چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ئەفغانستان دەبێت؟

٥-گرینگترین لێکەوتەکانی کشانەوەی ئەمریکا لەسەر ئەفغانستان چین ؟

## گریمانەی توێژینەوە

گریمانـەی سـەرەکی: کشـانەوەی هێزەکـانی ئەمـەریکا کاریگـەری نـەرێنی سیاسـی و ئاسایشـی و تەنـانەت ئابووری دەبێت لەسەر ئەفغانستان.

گریمانەی لاوەکـی: خراپـی ئـەدای حکومرانیـەتی حکـومەتی ئەفغانسـتان لـە نـاوەوە و گـۆرانی بەرژەوەندییـە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا لە ئەفغانستان بکشێتەوە.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا زیاتر لە میتودێکمان بەکارهێناوە، وەك میتودی مێژوویی بە مەبەستی شـیکردنەوە و خستنە بەرباسـی لایـەنی مێژوویـی پەیوەنـدی نێـوان ئـەمریکا و ئەفغانسـتان، هـەروەها میتـۆدی وەسـفی – شـیکاری بـەکارهاتووە بـۆ شـیکردنەوەی بابەتەکـەمان. لەلایـەکی دیکـەوە بـۆ کۆکرنـەوەی زانیارییـەکانیش پشـتمان بـە سەرچاوەی کتێبخانەیی و ئەنتەرنێت بەستووە.

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سێ بەشی سەرەکی و چەند باسێك، لەگەڵ دەرئەنجام و لیستی سەرچاوە:

بەشی یەکەم: ئـەم بەشـە زیـاتر ئاماژەدانـە بەلایـەنی مێـژووی پەیوەندییـەکانی نێـوان ویلایەتەیـەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەفغانستان، هـەروەها سـتراتیژیەتی ویلایەتەیـەکگرتووەکانی لـەپاش رووداوەکـانی ١١سێپتەمبەر ساڵی٢٠٠١ و هۆکارەکانی هێرشی سەربازی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانستان دەخەینەروو.

بەشی دووەم: لێرەدا باس لەهۆکارەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەین لە ئەفغانسـتان، ئامـاژە بەچـەند هۆکارێك دەکەین کە پاڵنەربوون بۆکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان کە ئەویش (هۆکاری سیاسـی، هۆکاری ئابووری، هۆکاری جیۆپۆلۆتیکی، هۆکاری سەربازی و ئاسایش).

بەشی سێیەم: لـەم بەشـەدا زیـاتر جـەخت دەکەینـە سـەر ئـەو لێکـەوتە و کاریگـەریانـەی کشـانەوەی هێزەکـانی ئەمەریکا لەسەر ئەفغانستان، وەلەم بەشەدا ئاماژە بـە لێکەوتـە ناوەخۆییـەکانی کشـانەوەی هێزەکـانی ئەمـەریکا دەکەین لەسەر ئەفغانستان. لێکەوتە ناوەخۆییەکان، کە بریتین لە ( لێکـەوتەی سیاسـی و لێکـەوتەی ئـابووری و کۆمەڵایەتی، لێکەوتەی ئەمنی و ئاسایش).

## بەشی یەکەم: پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و ئەفغانستان

### ١-١- مێژووی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەمەریکا و ئەفغانستان

ئەفغانستان تاکو ساڵی ١٩٥٠ وەك بەشێك لە وڵاتان بێلایەن بوو، بەڵام بەهۆی پێگە جیۆپۆلۆتیکییەکەی بووە گۆرەپانی ململانێی هەردوو زلهێزی جیهان کە (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران)بوو. لەماوەی جەنگی ساردا(cold war)، هەردوو زلهێز بۆ زیادکردنی نفوزی خۆیان کەوتنە ململانێ و ئەمەش لەسەرەتادا بەدەستپێشخەری یەکێتی سۆڤیەت دەستیپێکرد کەلەرێگەی پێشکەشکردنی هاوکاری سەربازی و ئابووری بە بنەماڵەی سەرۆك وەزیران "سەردار داود"، هاوکاریەکەش بەبری ١٠٠ ملیۆن دۆلار بوو بۆ مەبەستی گەشەپێدانی پرۆژە هەمەجۆرەکان. لەبەرامبەردا سەرۆك داود رەزامەندی دەربری بۆبەستنی رێککەوتنامەیەکی ئەمنی لەنێوان کابول و مۆسکۆ. ئەمەش یەکەم رێککەوتن بوو لەبارەی چەك لەنێوان ئەفغانستان و بلۆکی رۆژهەڵات بەبری ٣٢ ملیۆن دۆلار ئیمزاکرا، ئەم رێککەوتنە رێگەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت خۆشکرد کە دەستێوەردان بکات لەکاروباری سوپای ئەفغانستان، ئەمەش پاڵنەری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوو لەساڵی ١٩٥٦ کە پرۆگرامی یارمەتی بەبری ١٥ ملیۆن دۆلار پێشکەش بەئەفغانستان بکات لەبوارەکانی پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی، کشتوکاڵی و یارمەتی خۆراکی و ئەو یارمەتیانەی ئەمەریکا بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٤[1].

لە ٢٦کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ یەکێتی سۆڤیەت بریاری دا لە رووی سەربازیەوە ئەفغانستان داگیربکات وە لەرێگەی سوپای سوور پشتگیری لەو حکومەتەی ئەفغانستان بکات کە دۆستی یەکێتی سۆڤیەتە تاکو رووبەرووی ئەو هێرشانە ببێتەوە کە لەلایەن کۆمەڵێك گروپەوە ئەنجامەدرا کە ئەمریکا پشتیوانی دەکردن، لەو ماوەیەدا یەکێتی سۆڤیەت لەژێر گوشارێکی ئێجگار گەورە دابوو لەلایەك ئەو گوشارانەی کە ئەمەریکا وهاوپەیمانەکانی دەکرا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت، لەلایەکی تریشەوە رووخانی رژێمی شای ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران کەبەهۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیاوە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پچڕا کە ئەم هەموو رووداوانە و ئەو ناهاوسەنگی سیاسییە کە لەناوچەکەدا هەبوو لەبەرژەوەندی ئەمەریکادا بوو، ئەمریکا بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەو کارانەی کە یەکێتی سۆڤیەت لە شەری ڤێتنام ئەنجامی دا هەڵسا بەدانانی پرۆژە نەخشەیەك کە لەلایەن سیاستمەداری ئەمەریکی (بریجنسکیzbigniewBrzezinski)[2] پلانی بۆدانرابوو، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەڵسان بە ئامادەکردن و راهێنانی کۆمەڵێك گروپ و چەکداری

---

[1] دیفید دابلیو لیش، الشرق الأوسط و الولایات المتحدة (إعادة تقیم تاریخی و سیاسی) ،ت.أحمد محمود، الطبعة الأول، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٦٨٣_٦٨٥.

[2] بریجنسکی(٢٨مارس ١٩٢٢_٢٧ ئایاری ٢٠١٧): بیرمەندی ستراتیژی وراوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بوو لەسەردەمی سەرۆك"جیمی کارتەر١٩٧٧_١٩٨١"،بریجنسکی بۆ پراکتیزەکردنی پرۆژەکەی سێ وڵاتی وەك هاوپەیمانی لە پرۆژەکە هەڵبژارد کە ئەوانیش (سعودیە ،پاکستان ،میسر) هەڵبژاردنی ئەم وڵاتانە وەك هاوپەیمانی خۆی لە پرۆژەکە تەنها لەبەر ئەوە نەبوو کە سێ مەرجەعی سەرەکی ئیسلامی سیاسین بەڵکو هەریەیەکێکیان خاوەنی خەسڵەتێکی تایبەتی بوون. سعودیە، وڵاتی سەرهەڵدان و لەدایك بوونی ئیسلامە وبارەگای هەردوو حەرەمی شەریفە، خاوەنی سامانێکی بێ شومارە لە نەوت و کانزای ژێرزەوی، پشتگیری سعودیە نەك تەنیا شەرعیەت دەدات بەپرۆژەکە بەڵکو بەشی هەرەزۆری خەرجی جێبەجێکردنی پرۆژەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. میسر، لانکەی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و بیری سیاسی فەلسەفی وئیخوان و نەتەوەیی عەرەبیە هاوکات زەویەکی لەباربوو بۆ ئامادەکردنی موجاهیدەکان ونارنیان بۆ شەر. پاکستان ،گەورەترین وڵاتی ئیسلامیە بە ژمارە وە نزیکترین پێگەیە لەناوچەی رووداوەکە، پێگەی جوگرافییای ئەم وڵاتە هاوشانە لەگەڵ چین و هیندستان نزیکە لەیەکێتی سۆڤیەت وەرۆڵی کاریگەری لەدارشتنەوەی ستراتیژیەتی سەدەی نوێی ئەمەریکادا دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موعتەسەم نەجمەالدین، ئەمریکا؛ سەرکەوتن و پاشەکشێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٥، ل: ٩١_٩٣.

توندرەو و ناردنیان بۆ ناو سنوورەکانی ئەفغانستان بۆشەرکردن لە دژی حکومەت کە هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت بوو  ئەم گروپە موجاهیدانە لەلایەن ئەمەریکاوە مەشق و راهێنانیان پێکرابوو و لەلایەن دەزگای هەواڵگری CIAوە چەکی پێشکەوتوویان بۆ دابینکرابوو کە گروپە موجاهیدەکان لەدژی فرۆکەکانی سۆڤیەت بەکاریان دەهێنا، بەمەش ئەمەریکا یەکێتی سۆڤیەتی پەلکێش کرد بۆ شەرێکی درێژخایەن تاوەکو وای لێهات یەکێتی سۆڤیەت قۆناغ بە قۆناغ بەرەولاوازی دەچوو تاکو لەساڵی ١٩٨٨ سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت "میخائیل گۆرباشۆڤ" خۆی سەردانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای کرد و هەردوولا رێککەوتننامەیەکیان واژۆکرد بەناوی"رێککەوتنامەی جنێڤ" کە پێکهاتوو لە پێنج خاڵ کە ناوەرۆکی رێککەوتننامەکە باس لەکشانەوەی سوپای یەکێتی سۆڤیەت دەکرد لە بەشێك لەناوچەکانی ژێردەستی بەتایبەتی ئەفغانستان وە لەبەرامبەردا ئەمەریکا یارمەتییە داراییەکانی بۆ پشتگیریکردن لە گروپە موجاهیدەکان کەم دەکاتەوە.[٣]

لەگەڵ کشانەوەی سوپای یەکێتی سۆڤیەت و راگرتنی هاوکارییەکان بۆ گروپە موجاهیدەکان لەلایەن ئەمەریکاوە، هەموو ئەمانە نەبوونە هۆکار بۆ راگرتنی چالاکییەکانیان، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٢ موجاهیدەکان دەستیان کرد بەپیادەکردنی دەسەڵات لە ئەفغانستان کە ئەمەش بووە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی شەری ناوخۆ لە ئەفغانستان، بەرژەوەندی تایبەتی ئەم گروپانە بۆ دەسەڵات وایکرد ئەم گروپانە لەناوخۆی خۆیدا  دابەش ببن بۆسەر چەندین گروپی جیاواز لەرووی ئایدۆلۆژیا و نەتەوەییەوە. هەموو ئەمانەش هۆکاربوون بۆ نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ بەرێوەبردنی دەوڵەت، لە ئەنجامی ئەم ململانێیە نێوخۆییەدا شەر و کوشتاری گەورە روویدا کە زیاتر لە٤٠ هەزار کەس کوژران و بریندار بوون وە زیانە ماددیەکانیش مەزەندەنەکراو بوون، وڵات رۆژبەرۆژ بەرەو هەژاری و دارمانی ژێرخانی ئابووری هەنگاوی دەنا. ئەگەر هاوکارییە دەرەکییەکان پێوەری خۆشگوزەرانی بن بۆ بەشێك لەدەوڵەتان بەڵام ئەفغانستان سەرەرای هەموو ئەو هاوکاریانەش هەر لەریزی وڵاتە هەژارەکان مابیەوە، موجاهیدەکان رۆژ بەرۆژ رەوایەتی خۆیان لەدەست دەدا و ئەو تاقمەسەربازیانەی کەسەر بەم گروپانە بوونە هەڵدەستان بە سەپاندنی باجێکی زۆر بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستیان و باری ئابووری وبازرگانی وڵات خراپتر دەبوو. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئاژاوانەی کە لەسەردەمی موجاهیدەکان هەبوو دەتوانین لەم خاڵانەدا کورتی بکەینەوە:[٤]

١- نەبوونی حکومەتێکی بە توانا وبە ئەزموون لە کابول.

٢- توندوتیژ بوونی شەری درێژخایەنی نێوان گروپە موجاهیدەکان، نائارامی لە کابولی پایتەخت بەهۆی بەردەوامی هێرشە موشەکیەکان.

٣-کۆمەڵێك کێشەی ئەمنی هەبوو کەخەڵکی بەدەستیانەوە دەیانناڵاند، بەرپرسانی حکومەتیش پەیرەوی یاسا و بریاری نیشتیمانیان نەدەکرد.

بزووتنەوەی تاڵیبان[٥] لەهەلومەرجی سەرقاڵبوونی گروپە موجاهیدەکان بەشەری کۆنترۆڵ و کێبرکێی دەسەڵات دەرکەوت، لەکاتێکدا خەڵکەکە لەو شەر و کوشتارییەی وڵات هیلاك ببوون بەدوای رزگارکەرێکدا

---

[٣]د. محمود محمد علی، الجهاد الآمريكي ضد السوفيتي، الطبعة الثانی ،دارالوفاء الدنیا، الاسكندریه، ٢٠١٩،ص:٣٠_٣٣.
[٤] د.محمود محمد علی، الأبحاد الحقیقیة للغزو الأمریكي لأفغانستان، الطبحة الأولی، دار الوفاء لدنیا، الاسكندریة، ٢٠١٧، ص١٦-١٨.

[٥] بزووتنەوەی تاڵیبان(بزووتنەوەی ئیسلامی قوتابیان وقوتابخانە ئایینیەکان):لە ساڵی ١٩٩٤لە ویلایەتی قەندهار لەسەر سنووری نێوان پاکستان _ ئەفغانستان لەسەر دەستی "مەلا محمد عمر"،بزووتنەوەی تاڵیبان لە دەرئەنجامی شەری ناوخۆیی سەریهەڵداوە تاکو ئەو فەساد و نائاراميیەی کە لەئەفغانستان هەیە لەناوی ببات و ئامانجی دامەزراندنی حکومەتێکی لەسەر شێوەی خەلافەتە

دەگەران تەنانەت ئەو بازرگانانەی کەوا بەهۆی شەری ناوەخۆییەوە بەرژەوەندییە بازرگانیەکانیان کەوتبووە مەترسیەوە چاوەرێی پێکهێنانی حکومەتێکی بەتوانایان دەکرد، کاتێك بزوتنەوەی تالیبان لە هاوینی ١٩٩٤ دەرکەوت، قەیرانەکانی ئەفغانستان چووە قوناغێکی نوێ و بێگومان سەرهەڵدانی تاڵیبانیش کۆمەڵێك هۆکاری ناوەخۆیی و دەرەکی لەپشتەوە بوو. بۆ نموونە بە ناراستەوخۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی پشتیوانیان لە تاڵیبان دەکرد بۆ ئاسایکردنەوەی بارودۆخی ئەفغانستان و دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٩٦ تاڵیبان توانی کابولی پایتەخت داگیربکات و حکومەتەکەی خۆی رابگەیەنێت، تاڵیبان و هێزەکانی هاوپەیمانی (NATO) هەوڵی باشترکردنی دۆخی ئەفغانستانیان دەدا بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك چوونە ناو رێکەوتن لە چوارچێوەی گروپی(٢ + ٦)[٦] بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فروان، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی پشتگیریکردنی تاڵیبان لەلایەن ئەمەریکا و پاکستانەوە بۆجێبەجێکردنی ئەو پلانە بوو کە لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەسترابوو بۆ دروستکردنی بۆری گواستنەوەی نەوت و گاز لەناو خاکی ئەفغانستانەوە بۆ پاکستان و دواتر بۆ تورکمانستان و لەوێشەوە بۆ بازارەکانی ئاسیا کە ئەم پرۆسەیە لەلایەن کۆمپانیای (یونیکاڵ)ی ئەمریکی و (دلْتا)ی سعودی تایبەت بە نەوت و گاز ئەنجامدەدرا وە بۆ دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە سەرەتا پێویست بوو دۆخی ئەفغانستان ئارام بکرێتەوە ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی ١٩٩٩ کەوتە بواری جێبەجیکردنەوە.[٧]

بەڵام دوای رووداوەکانی ١١سێپتەمبەر پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبان بەرەو خراپی چوو، چونکە ئەمەریکا تاڵیبانی تاوانبارکرد بە شاردنەوەی بکەرانی هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەر، هەربۆیە ئەمەریکا چەندین ئاگەداری دایە تاڵیبان، ئاگەدارییەکان ئەمانە بوون:[٨]

١-دەبێت تاڵیبان هەموو ئەندامانی گروپی تیرۆرستی القاعدة رادەستی ئەمەریکا بکات.

٢-دەبێت تاڵیبان هەموو زیندانیە بیانییەکان ئازاد بکات و رادەستی وڵاتی خۆیان بکاتەوە.

٣- پێویستە تاڵیبان بەزوترین کات هەموو بنکەکانی مەشق و راهێنانی شەرکەرەکانی دابخات.

بەڵام تاڵیبان سەرەرای ئەو هەموو ئاگەداریانە رەتیکردەوە کەوا ئەندامانی گروپی تیرۆرستی القاعدة رادەست بکات بەبیانووی نەبوونی بەڵگەی پێویست لەدژیان کە تۆمەتبارکرابوون بە ئەنجامدانی هێرشەکانی ١١سێپتەمبەر، هەر بۆیە ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ هێرشێکی بەرفراوانیان ئەنجامدا بۆ سەر تاڵیبان

---

کە ئایینی ئیسلام ئاینی گەل و نەتەوەکەی بێت، لەماوەی حکومڕانی تاڵیبان ١٩٩٦-٢٠٠١ تەنها سێ دەوڵەت دانی بە حکومەتەکەی تاڵیبان دانا ئەویش(سعودیە، پاکستان، ئیمارات). بۆزانیاری زیاتر بروانە: سەرمەد ئەحمەد، عەرەب ئەفغانیەکان(چیرۆکی دروستبوونی رێکخراوی القاعدة)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩١-٩٣.

[٦] گروپی (٢+٦): ئەم گروپە لەساڵی ١٩٩٧ پێکهێنرا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکانی ئەفغانستان، ئەم گروپە لە دەوڵەتەکانی دراوسێی ئەفغانستان پێکهاتبوو وەك (ئێران، پاکستان، ئۆزباکستان، تاجیکستان، تورکمانستان) جگەلە ئەمەریکا وروسیا، ئەم گروپە گفتوگۆکانیان لەژێرچاودێری نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەفغانستان بەرێوەچوو. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د.محمد سەرفراز، حركة طالبان(من النشاء حتى السقوط) ،الطبعة الآولى، دار الطبعة الميزان، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨، ص٢١٣.

[٧] د.محمد سەرفراز، المصدر السابق ، ص: ٢١-٤٦-٩٢-٩٣.

[٨] د. محمود محمد علی ، نفس المصدر السابق ، ص:٢٤

.

و حکومەتەکەی و توانیان لەماوەی ٣٣ ڕۆژدا ئەفغانستان کۆنترۆڵ بکەن کۆتایی بەحکومڕانی تاڵیبان بهێنن و حکومەتێکی هەڵبژێردراوە لەژێر چاودێری ئەمەریکا دا پێکبهێنن.[٩]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەفغانستان بووە قوربانی ململانێی نێوان دوو زلهێز( ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکیتی سۆڤیەتی جاران) کە لەپێناو زیادکرنی نفوزی خۆیان ئەفغانستانیان وەك زۆرێك لە وڵاتانی تر کرد بە بەشێك لە ململانێکانیان ، ئەفغانستان لە ماوەی جەنگی ساردا بەردوام لە پشێووی و نائارامی و شەڕی ناوەخۆدا بووە بەهۆی پشتیوانی هەردوو زلهێزی جیهان لە تاقم وگروپی جیاواز لە ناوەخۆی ئەفغانستان بۆ دروستکردنی مەترسی و بەربەست لەسەر دەسەڵاتی یەکتر ، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەڵسان بە دروستکردن و پشتگیری کردن لە گروپە موجاهید و توندرەوەکان لە ئەفغانستان وە بڵاوکردنەوەی فکرەی توندرەوی وە دابەشبوونی وڵات بۆ دووبەرەی دژ بەیەك و دروستبوونی شەری ناوەخۆ ، ئەم گروپە توندرەوانەی کە لە ڕێگەی پشتگیری زلهێزەکانەوە دروستبوون بوون بە مەترسیەکی گەورە و بەردەوام لەسەر ئاسایشی ئەفغانستان .

[٩]د. إبراهيم عبدالطالب ، الغزو الأجنبي أفغانستان خلال القرون الثلاثة الأخيرة ، الطبعة الأولى، ٢٠٠٩، ص٢٥.

## ١-٢- ستراتیژیەتی ئەمەریکا دوای ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەر ساڵی ٢٠٠١

ڕووداوەکانی ١١سێپتەمبەر ساڵی ٢٠٠١[١٠] ئەمەریکا وەچەرخانێکی گەورەبوو لە بارودۆخی سیاسی و جیۆسیاسی جیهان، وەك یەكێك لەگرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە قەڵەم دەدرێت تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێك سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بە "جەنگی جیهانی سێیەم"ی کورت و بچووك لەقەڵەمیان دەدا، بەڵام توندترین بوو لەرووی دۆراندن و کاریگەرترین بوو لەرووی کرداریییەوە. ڕووداوەکانی ١١سێپتەمبەر خاڵی وەرچەرخان بوو لە دارشتنی ستراتیژییەتی سیستەمی جیهانی بۆ سەدەی ٢١، چونکە بەروونی بەهێزبوونی پێگەی جیهانی ئەمەریکا بوو بەرامبەر نەیارانی، هەروەها ئەم ڕووداوە وایکر ئەمەریکا دەستکراوە بێت بۆ دەستێوەردانی سەربازی لەبەشێك لە دەوڵەتان بەبیانووی جەنگی دژی تیرۆر و بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەلایەن بەشێك لەدەوڵەتان.[١١]

لێرەوە ئەمەریکا دەبینێت کەوا واقعێکی نوێ دوای ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەر سەری هەڵداوە کە ئەمەریکا لەهەموو ڕوویەکەوە دەورەدراوە بە هەڕەشە ئەوەش بەهۆی گەشەکردنی توانای هێزە هەرێمایەتییەکان وەك ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا کە ئەمەریکا بەرژەوەندی گرنگ و سەرەکی هەبوو لەو ناوچانە ئەمەش جگە لە زیادبوونی هەڕەشەکان لەناوچەی دەوڵەتە لاوازەکان و بەتایبەتی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان وەك(گروپە تیرۆریستیەکان)ئەمەش هەڕەشەیەکی ئێجگار گەورە بوو بەهۆی پێشبینی نەکردنی شوێنی هەڕەشە و ململانێکان لەلایەن ئەوگروپانەوە، هەرەشەیەکی تریش کە لەئارادابوو ئەویش گواستنەوەی تەکنەلۆژیای سەربازی و پێشکەوتوو بۆ خەڵکی ئاسایی کە ئەمەش دواجار ئەگەری بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم و بایەلۆجی و کیمیایی و موشەکی بالستك زۆر زیادی کرد.[١٢]

سەرۆك بۆشی کور دووپاتیکردەوە کەوا سێ هەڕەشە هەیە بۆ سەر ئەمەریکا کە یەکەمیان تیرۆریزمە کە بەشێوەیەکی جیهانی ڕێکخراوە، هەروەها دەوڵەتە لاوازەکانن کە تیرۆر وەك بنکە و بارەگا بەکاری دەهێنن، ئەوەی تریشیان تیرۆریزمی نادەوڵەتییە کە فرەنەتەوەییە، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٢ ئیدارەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڵگەنامەی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا دەرکرد بەناونیشانی: "ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا" کە لە نۆ بەش پێکهاتبوو کە تێروانینی ئەمەریکا بەرامبەر بەجیهان نیشاندەدا وە سەرچاوەکانی ئەو هەڕەشانە و چۆنییەتی بڵاوبوونەوەیان، هەروەها چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە. ستراتیژیەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە جیهان لەسەردەمی

---

[١٠] هێرشەکانی ١١سێپتەمبەری٢٠٠١: بریتی بوون لەکۆمەڵێك هێرشی تیرۆرستی دوابەدوای یەك لەرۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١١سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ کە لەلایەن ریکخراوی"القاعدة" ئەنجامدار لەسەر خاکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕوویدا، کە ئاراستەی چوار فرۆکەی مەدەنی بازرگانی گۆران و ئاراستەکران بە ئامانجی دیاریکراو کە سیانیان سەرکەوتوو بوون لەپێکانی ئامانجەکانیان، ئامانجەکانیش بریتی بوون لە تاوەری بازرگانی جیهانی لە منهەتن و بارەگای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن) لە واشنتون، لە ئەنجامی ئەم هێرشانەشدا ٢٩٧٣ کەس کوژران و بەهەزاران کەس بریندار بوون وە ٢٤ کەسیش بی سەروشوێن بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی ماد، هەولێر، ٢٠٢١، ل: ١٤٣

[١١] إياد خازر المجالي، أثر ظاهرة الإرهاب في الإستراتيجية الآمريكية تجاه الشرق الآوسط للفترة ٢٠٠١-٢٠١٤،رسالة الماجستير في العلاقات الدولية ـ قسم العلوم السياسة، جامعة مؤتة، ٢٠٠٥، ص:٦٧-٦٨.

[١٢] د.سوسن العساف، استراتيجية الردع (العقيدة العسكرية الآمريكية الجديدة و الاستقرار الدولي)،الطبعة الآولى ، بيروت_ لبنان، ٢٠٠٨، ص: ١٩٦-١٩٧.

ئیدارەی"جۆرج بۆشی کور  Georg W. Bush" کە لە نۆ بەش پێکهاتوە، کە بۆ چەند برگەیەك دابەشکراوە کە ئەمانەن:[١٣]

١-کورتەیەك لە ستراتیژیەتی نێودەوڵەتی ئەمەریکا.

٢-پارێزگاریکردن لە ئاواتەکان لەپێناو کەرامەتی مرۆڤ.

٣-هاوپەیمانیەکان بەهێزبکەن بۆ تێکشکاندنی تیرۆریزمی جیهانی وکارکردن بۆ رێگریکردن لە هێرشکردنە سەر ئێمە و هەڤاڵەکانمان.

٤-کارکردن لەگەڵ ئەوانی تر بۆ وەستاندنی ناکۆکییە هەرێمییەکان.

٥-رێگریکردن لەوەی کەوا دوژمنانمان بە چەکی کۆکوژ هەرەشە لە ئێمە و هاوپەیمان و دۆستەکانمان بکەن.

٦-فراوانکردنی بازنەی پێشکەوتن بەکرانەوەی کۆمەڵگاکان و دامەزراندنی ژێرخانی دیموکراسی.

٧- هاندان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە گەشەی ئابووری جیهانی لە رێگەی بازار وبازرگانی ئازاد.

٨-پەرەپێدانی ئەجنداکانی هاوکاری پراکتیکی هاوبەش لەگەڵ کۆی ناوەندە سەرەکییەکانی جیهان.

٩-گۆرینی دامەزراوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بۆ وڵامدانەوەی بەرەنگاریەکان و دەرفەتەکان لەسەدەی بیست ویەك.

بە شێوەیەکی گشتی لەدوای ٢٠٠١ ئەفغانستان وەك چەقی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەبینرا، ئەمەش لەدوای ئەوە هات کە ئەمەریکا ویستی وڵامی هێرشە تیرۆرستیەکەی ١١سێپتەمبەر بداتەوە کە ئەمەریکا سەرکردایەتی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی هاوشان لەگەڵ هێزەکانی ناتۆ کە ئۆپراسیۆنەکە بەناوی "ئازادی هەمیشەیی" بوو، بۆ بەئامانجکردنی گروپی تیرۆرستی القاعدة و بزوتنەوەی تالیبان بوو، بەم شێوەیە حکومەتەکەی تالیبان رووخا و حکومەتێکی هەڵبژێردراو شوێنی گرتەوە وە دوای نەمانی تاڵیبان بارودۆخەکە کەمێك بەرەوپێشچوونی  بەخۆیەوە بینی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانیین بڵێن ئامانجەکانی ئەمەریکا لە هێرشکردنە سەر ئەفغانستان، بریتی بوون لەم خاڵانە:[١٤]

١-لەناوبردنی تاڵیبان و گۆرینی بە رژێمێکی نوێ کەهیزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەخۆبگرێ.

٢-بەهۆی پێگەی جوگرافیایی ونزیکی ئەفغانستان لە ئێران کە ئەمەریکا هەوڵیداوە لە رۆژهەلات و رۆژئاوای باکووری ئێران گەمارۆ بخاتە سەر ئەو وڵاتە.

٣-بۆ دوورخستنەوەی رووسیا لە ئاسیای ناوەراست بە شێوەیەکی قۆناغ بەقۆناغ ئەوەش لەرێگەی ئامادەیی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ئاسیای ناوەراست.

[١٣] د. سوسن العساف، المصدر السابق ، ص :١٩٩-٢٠٠

[١٤] د.نەجات عەلی ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤- ٢٥٠--٢٥١.

٤-بۆ شكاندنی بازنەی پەیوەندییەكانی پاكستانی – چینی هەروەها چینی – رووسی و نزیكبوونەوەی لەسنوورەكانی چین.

٥-بۆ نزیكبوونەوە لە نیمچە كیشوەری هیندی كە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت گوشار بخاتە سەر پاكستان بۆ رووبەرووبوونەوەی ڕێكخراوە توندڕەوە ئیسلامی و تیرۆریستییەكان.

٦- ئامادەیی هێزە سەربازییەكانی ئەمەریكا لە ئەفغانستان وادەكات ئەمەریكا رۆڵی هەبێت لە ناوچەی دەریای قەزوین كە دەوڵەمەندە بە پەترۆڵ و كانزای گرنگ.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بدەین كە ئەفغانستان بەرپرسیار نەبوو لە هێرشەكانی ١١ سێپتەمبەر بەڵكو گروپێكی تیرۆرستی كە ئەمەریكا خۆی لە رابردوودا پشتگیری لێدەكرد و دەستی هەبوو لە دروستبوونی دا كە ڕێكخراوی تیرۆستی " القاعدة " ئەو گروپە ئەنجامدەری هێرشە تیرۆرستیەكەی ١١سێپتەمبەر بوو، لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە ئەمەریكا بوو بە قوربانی سیاسەتەكانی خۆی وە ئەفغانستان وەك وڵاتێك بەرپرس لە نەبوو لە ئەنجامدانی ئەم هێرشە وە قوربانی سەرەكی ئەفغانستان بوو كە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ئەمەریكا ئەو وڵاتەی وەك بەشێكی تر لەوڵاتان بە " بەرەی شەر"ی دانا وە دوای ڕووداوەكانی ١١ سێپتەمبەر ئەمەریكا بەبیانووی پشتگیریكردن لە ڕێكخراوە تیرۆرستیەكان ئەفغانستانی داگیركرد.

## بەشی دووەم: هۆکارەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان

کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار بوو کە پەیوەست بوون بەو کاریگەری وفشارانەی کە لەسەر ئەمەریکا بوون لە ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی ، ئەمەریکا بریاری دا بە گۆرینی سیستەمی حکومڕانی لە ئەفغانستان بەهۆی لاوازی و گەندەڵی نەبوونی پشتیوانی جەماوەری هاوکات بە هۆی دروستکردنی قورساییەکی زۆری ماددی لەسەر ئابووری ئەمریکا و لایەنی سەربازی سوپای ئەمەریکا وە لەهەمووی گرینگتر ئەو سیستەمەی کە لە ئەفغانستان هەبوو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دا دەخستە مەترسیەوە ، ئەمریکا دەیەوێت لە رێگەی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان کۆمەڵێك لە ئامانجەکانی بپێکێت لەسەر ئاستی دەرەکی و گۆرینی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە ، لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێك هۆکار دەکەین کە پاڵنەر بوون بۆ کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان:

### ١-٢ هۆکاری سیاسی

بریاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بە یەکێك لە گرینگرین و قورسترین ئەو بریارانەی کە ئەمەریکا لە مێژووی خۆی داویەتی کە کۆتایهێنان بوو ململانێی چەکداری لەگەڵ تاڵیبان کە ماوەی ٢٠ ساڵی خایەند، لێرەدا راستیەکی ئاشکرا هەیە کە شەری تیرۆر لە ئەفغانستان ناتوانێت تەنها سەربازی بێت، بەڵکو دەبێت لەپاڵ لایەنی سەربازی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێز هەبێت بۆ لەناوبردنی هزری توندڕەوی لە ئەفغانستان.[١٥]

بۆ وڵاتێکی تێوەگلاو لە جەنگ، گەشەپێدانی دیموکراسی بەرەنگارییەکی گەورەیە کە رووبەرووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێتەوە بە تایبەتی ئەمەریکا کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە ئەفغانستان هەوڵی بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مۆدێرنی دەدا بەڵام پرۆسەی دیموکراسی لە ئەفغانستان تووشی کۆسپ و بەربەستی زۆر بوویەوە وەك نەبوونی ئیرادەی سیاسی و گەندەڵی بەرێژەیەکی زۆر لەناو دام ودەزگاکانی حکومەت و لەهەمووی گرینگتر نەبوونی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن خەڵکەوە، کەچی سەرەرای هەموو ئەو یارمەتیە تەکنیکی و داراییانەی کە ئەمەریکا پێشکەشی ئەفغانستانی کرد کە لەمێژووی ئەمەریکادا بێ وێنە بوونە، نوخبەی سیاسی ئەفغانستان و سەرکردەکانی وڵات لەجیاتی بوونیاتنانەوەی ئەفغانستان و بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵگای ئەفغانی و وڵات بەرەو حەسانەوە بەرێت و لەرووی خوێندەواری و پەروەردەوە سوود لە توانا دارایی و سەربازییە گەورەکەی ئەمەریکا وەربگرێت بەپێچەوانەوە سەرکردەکانی ئەفغانستان کەوتنە دروستکردنی بینا و باڵەخانەی بەرز هەر لەسەرۆك کۆمارەوە تا سەرکردە سەربازی و ناوچەییەکانی کە تەنها خەریکی گەندەڵی بوون لەناو دام ودەزگاکانی حکومەت.[١٦]

هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ هێنانەدی دیموکراسی کە لەدوای رووداوەکانی ١١سێپتەمبەرە وەدەستی پێکرد ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەر بۆ لەناوبردنی تیرۆر وهێنانەدی سەقامگیری بەڵام بەبەردوامی و ساڵ لەدوای ساڵ نیشاندەرەکانی دیموکراسی لەو وڵاتەدا لە گەیشتە نزمترین ئاست . لەهەمانکاتدا رای گشتی ئەمەریکا جەخت دەکاتەوە لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چونکە لەوباوەرەدان کە ئەمەریکا ئامانجی

---

[١٥] سەرۆ قادر، لە ئەفغانستان بۆچی تالیبان گەرایەوە وەحکومەت چۆن رووخا؟ (٢٠٢٢)، وەرگیراوە لە سایتی گوڵان، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/١٤:
https://gulanmedia.com/so/story/266828/لە-ئەفغانستان-بۆچی-تالیبان-گەرایەوە-حکومەتێک-چۆن-روخا

[١٦] محمد ابو الحلا، سبب انسحاب امريكا من افغانستان (٢٠٢١)، مأخوذة على موقع محتويات، من تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٥
https://mhtwyat.com/سبب-انسحاب-امريكا-من-افغانستان

سەرەکی شەڕی لە ئەفغانستان بەدی هێناوە کە ئامانجی لەناوبردنی گرووپی تیرۆرستی "القاعدة و کوشتنی ئوسامە بن لادن" بوو وە پشتیوانیکردن و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی لە ئەفغانستان و دورخستنەوەی تاڵیبان لە دەسەڵات، ئەم پرۆسەیە لەلایەن رای گشتی ئەمەریکا وە بە فراوانی پشتگیری لێنەکراوە لەبەرامبەردا بۆتە هۆی زیادبوونی رەتکردنەوەی دەستێوەردانی سەربازی ئەمەریکا لە ئەفغانستان چونکە بەشێکی زۆری خەڵك پێیان وابوو ئەم جەنگە درێژخایەنە ئەفغانستان پارە و ژیانی ئەمەریکا وشك دەکات بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی روون بۆ ئەمریکا بەدەست بێنێ.[١٧]

ئەو رەوتەی کە لەسەر دەمی ئیدارەی "سەرۆك جۆرج بۆشی کور George W.Bush " پەیرەودەکرا لەسەردەمی ئیدارەی " سەرۆك دۆناڵد ترامپ Donald Trump" دا بەرەو دواوە کشایەوە، لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆك ترامپ دا کۆتایی بە مانەوەی سوپای ئەمەریکا هێنا لە ئەفغانستان هەڵسا بەرێککەوتن لەگەڵ تاڵیبان لە ساڵی ٢٠٢٠ لەژێر ناونیشانەی رێککەوتنامەی "هێنانەدی ئاشتی بۆ ئەفغانستان"[١٨] بۆ گواستنەوەی بەرپرسیارەتی بۆ تاڵیبان بەبێ گوێدان بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ئەفغانستان . سەرەرای ئەوە ئەمەریکا لەو ماوەیەدا لە بەردەوام لە هەوڵدابوو بۆ ئاشتبوونەوەی تاڵیبان لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستان و رێگریکردن لە دروستبوونی پشێووی لە ئەفغانستان وە سەرجەم گروپە نارازییەکان بخاتە نێو پرۆسەی سیاسی، ئامانجی سیاسی ئەمەریکا لە مانەوەی ئەفغانستان دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی بوو کە هەموو پێکهاتەکان بتوانن بەشداری تێدا بکەن بەڵام ئەمریکا دوای ٢٠ ساڵ نەیتوانی لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی سەرکەوتوو نەبوو هەربۆیە بریاری کشانەوەی سەرجەم هێزەکانی دا لە ئەفغانستان.[١٩]

ئامانجی سیاسی ئەمەریکا لە هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و داگیرکردنی لە دوو ئامانجی سەرەکی پێکهاتبوو، ئەویش( کوشتنی ئوسامە بن لادن سەرۆکی رێکخراوی القاعدة و لەناوبرنی رێکخراوەکە ، هەروەها دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی لە ئەفغانستان) ئەمەریکا لە پێکاندنی ئامانجی یەکەمی سەرکەوتوو بوو بەڵام نەیتوانی لە هێنانەدی ئامانجی دووەمی سەرکەوتوو بێت کە دامەزراندنی سیتەمێکی سیاسی دیموکراسی بوو لە ئەفغانستان ، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە بوو کە سەرەکیترینیان نوخبەی سیاسی فەرمانرەوا نوخبەیەکی گەندەڵ بوو بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمەریکا پشتگیری لەم دەسەڵاتە گەندەڵە دەکرد لە ئەفغانستان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کە دەرەنجام ئهمەریکا بەهۆی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی کە لەو ماوەیەدا پەیرەوی دەکرد وایکرد کە ئەمەریکا دوای ٢٠ لە مانەوەی لە ئەفغانستان نەتوانێ ئامانجێکی روون بەدەست بهێنێت.

[١٧]ئاسۆ عەلی، شکست و سەرکەوتنی ئەمەریکا لە ئەفغانستان(٢٠٢١)، بەرواری سەردانیکردن ٣/١٢ /٢٠٢٢ ،وەرگیراوە لە سایتی ئاوێنە:
https://www.awene.com/article?no=17655&auther=2629
[١٨]رێککەوتنامەی هێنانەدی ئاشتی بۆ ئەفغانستان: لە ٢٩ شوباتی ٢٠٢٠ کە لە نێوان زوڵمای خەلیل زادە نوێنەرایەتی ئەمەریکای دەکرد وعەبدولغەنی برادەر نوێنەرایەتی ئەفغانستانی دەکرد کە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر کۆبوونەوە بۆ هێنانەدی ئاشتی لە ئەفغانستان کە رێککەوتنامەکە لە چوار برگەو سێ مادده پێکهاتووە، هەردوو لایەن لەسەر کۆمەڵێك خاڵ رێککەوتن کە گرینگترینیان بریتی بوو لە ئازادکردنی ٥ هەزار چەکداری تاڵیبان لە زیندانەکانی حکومەتی ئەفغانستان وە لەبەرامبەردا دەبێت تاڵیبان هەموو گیراوەکانی ئازاد بکات، ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ماوە ١٤ مانگدا بە تەواوی لە ئەفغانستان دەکشێتەوە. ن. ئێردوارد ئۆراها، و. گەیلان عەباس، کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئامانجەکانی دەپێکێت؟ ،(٢٠٢١)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٢٣، وەرگیراوە ماڵپەرەی ناوەندی بەیان بۆ توێژینەوە و پلاندانان.
[١٩]رسلان عامر، لماذا انسحبت أمريكا من افغانستان؟ (٢٠٢١), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢,مأخوذة الموقع الرئيسية المجلة قضايا:
https://www.suwar-magazine.org/articles/2199_لماذا-انسحبت-أمريكا-من-أفغانستان

## ٢-٢ هۆکاری سەربازی و ئاسایش

ئەمەریکا لە ماوەی جەنگی سەرد دا رووی لە راهێنان کردن بە گروپ و رێکخراوە موجاهیدەکان کرد وە پێدانی چەك لەلایەن ئەمریکاوە بەم گروپانە بۆ شەرکردن دژی یەکێتی سۆڤیەت، دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئەو وڵاتە بوو بە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەم گروپە تیرۆرستیانە وە هەروەها بوون بە هەرەشە بۆسەر تەواوی جیهان ، ئەمەریکا یەکێك بوو لە ئامانج و قوربانیانی سیاسەتی خۆی واتە ئەو گروپانەی کە ئەمەریکا خۆی دروستی کردبوون و بۆماوەیەك پشتگیری لێدەکردن دەرەنجام رووداوەکانی ١١سێپتەمبەری بەدوا داهات کە گەورەترین گورز بوو کە ئەمەریکا بە درێژایی مێژووی خۆ بەری کەوتبێت.[٢٠]

ئەمەریکا ئامانجی لە داگیرکردنی ئەفغانستان لەناوبردنی گروپە تیرۆرستیەکان بوو وە رێگریکردن بوو لە هەر هێرشێکی تری ئەم گروپە تیرۆرستیانە بۆ سەر ئەمەریکا و تەواوی جیهان، ئەمەریکا دوای ئەو هەموو هەوڵە نائومێدانەی بۆ لەناوبردنی تاڵیبان لەرووی سەربازییەوە بۆی دەرکەوت کە سرینەوە تاڵیبان لە نەخشەی ئەفغانستان مەحاڵە، بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی " براون Brawn " ئەمەریکا لەماوەی ٢٠ ساڵدا لە ململانێی چەکداری دژی گروپە تیرۆرستیەکان ٢٤٤٨ سەربازی سوپای ئەمەریکا کوژراون وە ٣٨هەزار هاوڵاتی ئەفغانی بوونەتە قوربانی ئەم جەنگە درێژخایەنە.[٢١]

بەڵام ئەم هەوڵانەی ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی تاڵیبان سەرکەتوو نەبوو بەڵکو تاڵیبان بەردوام بەهێزتر دەبوو وە وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی پاکستان پشتیوانیەکی ئێجگار گەورەی تاڵیبانی دەکرد لە رووی مەشق و راهێنان و هاوکاری دارایی و سەربازی، ئەم هۆکارە وچەندین هۆکاری تر وای لە ئەمەریکا کرد بریاری کشانەوە بدات لەهەمانکاتدا دوو گریمانە هەیە سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان:[٢٢]

١-ئەمەریکا دەیەوێت جارێکی دی کارتەکان تێکەڵ بکات و بنەمای ئاژاوەی داهێنەرانە لەئەفغانستان بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی ئەفغانستان بکات بە ناوەندێکی توندرەوەی ئیسلامی بۆ مەبەستی فشارخستنەسەر وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی رووسیا و چین و ئێران.

٢- ئەمەریکا دەیەوێت رێگایەکی نوی لەگەڵ تاڵیبان تاقی بکاتەوە وە مامەڵەی لەگەڵ دا بکات لەجیاتی رەتکردنەوەی و شەرکردن لەگەڵی، چونکە لێرەدا سوودمەندتر دەبێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتێکی ئیسلامی لە ئەفغانستان کە بەرژەوەندیەکانی دەپارێزێت نەك مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتێکی گەندەڵ کە بەرژەوەندییەکانی دەخاتە مەترسیەوە وە ناچارە بیپارێزێت.

ئەمەریکا ویستی کۆتایی بە شەری درێژخایەن بێنێ لە ئەفغانستان بۆ رووبەروو بوونەوەی چین و رووسیا وە گەرانەوە بۆ رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بە مەرجی قورستر و سنووردار تر بۆ ئێران

---

[٢٠] د. حمد جاسم محمد، الانسحاب الامريكي من افغانستان و عودة طالبان...قراءة في الاسباب و النتائج (٢٠٢١), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢, مأخوذة على مركزالدراسات الاستراتجية_ جامعة كربلاء:
https://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/wp/blog/2021/09/09/الانسحاب-الامريكي-من-افغانستان-و-عودة/

[٢١] وحدة تدقيق الوقائع، افغانستان: كم كلفت الحرب ضد طالبان واشنطن و حلفاءها خلال ٢٠عاما؟(٢٠٢١), تأريخ٢٠٢٢/٣/١٢, على الموقع الألكتروني:
https://www.bbc.com/arabic/world-58245464.amp

[٢٢] د.فيصل القاسم، امريكا إلى أين بحد الانسحاب من افغانستان؟(٢٠٢١)، مأخوذ على الموقع القدس العربي، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٤:
https://www.alquds.co.uk/أمريكا-إلى-أين-بعد-الانسحاب-من-أفغانست/

ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە ئەمەریکا دەیەوێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ تاڵیبان حکومەتێکە "سوننە-مەزهەب " لە ئەفغانستان دابمەزرێنێت کە لەژێر هەژموونی ئەمەریکا بێت کە دەتوانێت لەورێگەیەوە ئێران سەرقاڵ بکات بۆ دوورخستەوەی و ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکە، ئەمەش مەترسیەکی جدییە بۆ ئێران نەك تەنیا بۆ ئاسایشی دەرەکی بەڵکو مەترسییە بۆ ئاسایشی ناوخۆیی چونکە لەئێران ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی سووننە مەزهەب دەژین کە لەوانەیە بکەونە ژێر کاریگەری فکری توندرەوەی ڕێکخراوێکی سوونە - مەزهەب کە لەسەر سنوورەکانی وڵاتەکەیان گەشەدەکات ، چین و رووسیاش بەدەست هەمان کێشەی ئێران دەناڵێنن کە ئەو دوو وڵاتەش خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری موسڵمانن کە دەتونن ببن بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئەم دوو وڵاتە.[٢٣]

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بۆ مەبەستی دروستکردنی هەڕەشە و ناسەقامگیری بووە لە ناوچەکەدا بە تایبەتی لەسەر ئەو وڵاتانەی کە دژبەری ئەمەریکان، چونکە ئەمەریکا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی لەگەڵ تاڵیبان بەرژەوەندییەکانی خۆی تارادەیەك مسۆگەر کرد لە ناوچەکەدا و لەبەرامبەردا دەتوانێ لەرێگەی تاڵیبانەوە هەڕەشە بۆسەر سەقامگیری بەشێك لە وڵاتان دروست بکات بەتایبەتی (ئێران ، چین ، رووسیا).

### ٢-٣ هۆکاری ئابووری

دوای ئەوەی سەدان ملیار دۆلار و دەیان هەزار کوژراوی ئەمەریکا و هاوپەیمانان، ئەمەریکا لە ئەفغانستان کشایەوە وەك پلیتیك رادەستی تاڵیبانی کرد، بەڵام ئەمە رەنگە یەکێك بێت لە ئامانجەکانی جەنگی ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە ناوچەکەدا، کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لەسەر بنەمای ستراتیژیەتی نوێی ئەمەریکا بوو بۆ پاراستنی پێگەی خۆی وەك زلهێزێکی نێودەوڵەتی وە تێروانینی ئەمەریکا لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی کەمکردنەوەی بودجەی بەرگری و سەربازی دا تاکو ئابووریەکی بەهێز دابمەزرێنێت کە رووبەرووی ئابووریە گەورەکەی رووسیا و چین بە تایبەتی وڵاتانی دیکە ببێتەوە بەگشتی.[٢٤]

بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەرەی دارایی ئەمەریکا "باڵانس Balance" خەرجکردنی ئەمەریکا لە تەنیا بواری سەربازی دا (٨٨٥ ملیار دۆلارە ) کە ئەمەش کاریگەری لەسەر داهات و خەرجییە کۆمەڵایەتیەکان و سەلامەتی هاوڵاتیان دەبێت ،ئەمەریکا لە ماوەی ٢٠ساڵدا زیاتر لە دوو ترلیۆن دۆلاری لەشەری ئەفغانستان خەرجکردووە کە ٣٠٠ دۆلار لە رۆژێکدا ، ئەم برە زۆرەی پارەیە لەکۆمەڵێك پرۆژەی تەواونەکراودا خەرجکراوە کە هیچ سوودیکی بە کۆمەڵگای ئەفغانی نەگەیاندوە بەڵکو بەپێچەوانەوە هەژاری و نەخوێندەواری باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو ئەم هەموو پارەییەی کە لە ئەمەریکاوە دەهات دەرژا بەسەر نوخبەی سیاسی و بەرپرسەکانی وڵات. ئەم خەرجکردنی پارە زۆرە لە ئەفغانستان کاریگەری لەسەر پێگەی

---

[٢٣]مثال مصطفى هارون، انعكاسات صعود حركة"طالبان" على الشرق الأوسط(٢٠٢١)، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣، مأخوذة على الموقع المستقبل الأبحاث و الدراسات المتقد.
https://futureuae.com/ar-AE/Activity/Item/171/-ارتدادات-إقليمية-انعكاسات-صعود-حركة-طالبان-على-الشرق-الأوسط

[٢٤]كاثرين ويلبارغر، هارون ي.زيلين، پاتريك كلاوسون، من افغانستان إلى الشرق الاوسط: تداعيات الانسحاب الأمريكي و انتصار "طالبان"، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٤، مأخوذة على الموقع الألكتروني:
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/mn-afghanstan-aly-alshrq-alawst-tdayat-alanshab-alamryky-wantsar-talban

ئەمەریکا دەبێت لە رووی ئابوورییەوە کە وادەکات وڵاتانی دژ بە ئەمەریکا پێگەی خۆیان زیاتر بەهێز بکەن لە رووی هەژموونی ئابوورییەوە بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی.[٢٥]

ئەمەریکا تێگەیشت لەوەی کە بەردەوام بوونی لە جەنگی تاك لایەنە لە عێراق و ئەفغانستان هەل دەداتە وڵاتانی دژبەری ئەمەریکا وەك چین و رووسیا کە ئابووریان بەردەوام لەگەشەکردن دایە، ئابووری چین لەماوەی رابردوودا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کە ئابووری چین رێژەی گەشەکردنی ئابووری ٢٪ بەرهەمی نەتەوەیی گشتی جیهان وە گەشەی کردوە بۆ رێژەی ١٨٪ بۆ ساڵی ٢٠١٧ کە نزیك بووە لە زەوت کردنی ئابووری هەموو جیهان ئەمەش مەترسیەکی جدییە بۆ سەر هەژموونی ئەمەریکا لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی.[٢٦]

لێردەدا بە پێویستمان زانی کە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو خەرجکرنی برە زۆرەی پارەیە لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەوە بەبێ بوونی نەخشەو پلانێکی دیاریکراو بۆ مەبەستی گەشەپێدان لە ئەفغانستان گوررزێکی گەورەی لە ئابووری ئەمەریکا دا وە گەشەی ئابووری ئەمەریکا بەراورد بە بەشێك لە وڵاتان بە تایبەتی چین کەمتر گەشە بکات ، لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەمەریکا خەریکی رێکخستنەوەی ئابووری و ژێرخانی وڵاتەکەیەتی بۆ گونجاندنی لەگەڵ گۆرانکارییە کۆمەلایەتیەکانی لە ناوخۆی وڵاتەکەی ، واتە ئەمەریکا بەکشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان دەیەوێت سەرقاڵی خۆئامادەکردن بێ بۆ رووبەرووبوونەوەی تەحەدا نوێیەکانی جیهان لە ئایندەیەکی نزیکدا.

## ٢-٤ هۆکاری جیۆپۆلۆتیک

ئەفغانستان بەهۆی پێگە جیۆپۆلۆتیکیەکەی کە دەکەوێتە ناوەراستی کیشوەری ئاسیا کە بە " دڵی ئۆراسیا " دادەنرێت وە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆیە ناسەقامگیری ئەفغانستان کاریگەری دەبێت لەسەر هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان. ئەمەریکا بە کشانەوەی لە ئەفغانستان پلانی هەیە کەوا دووبارە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بگۆرێت، بەتایبەتی لە دژی ئێران و رووسیا و چین کە هەریەك لەو وڵاتانە بە هۆکاری جیاواز دەکەونە ژێر هەرەشەوە کە دەبێتە هۆی تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆی ئەم وڵاتانەوە لە ناوخۆ وە رێگری دەکات لەگەیشتن بە ئامانجەکانیان لەسەر ئاستی دەرەکی.[٢٧]

---

[٢٥] بی بی سی،کیف کبدت طالبان الولایات المتحدة خسائر تقدر بترلیون دؤلار؟(٢٠٢١)، تأریخ ٢٠٢٢/٣/١٠، مأخوذة على الموقع الالكتروني:
https://www.bbc.com/arabic/world-45247779#aoh=16473676903676&referrer=https%3A%2F%2Fwww.google.com&amp_tf=من%٢٠٪٢٥١٪٢٤s&ampshare=https%3A%2F%2Fwww.bbc.com%2Farabic%2Fworld-45247779

[٢٦] ئارام مەحمود ئەحمەد، کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئەگەر ولێکەوتەکانی (٢٠٢١)، بەرواری سەردانیکرد ٢٠٢١/٣/١٢، وەرگیراوە لە ماڵپەری ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرەی ١٥٠.

[27] رسلان عامر، نفس الموقع الألكتروني
https://www.suwar-magazine.org/articles/2199_لماذا-انسحبت-أمريكا-من-أفغانستان

کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بۆشاییەکی ئەمنی لە ناوەڕاست و باشووری ئاسیا جێدەهێڵێت کە وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستان دەبێ مامەڵەی لەگەڵ دا بکەن، لێرەدا ئاماژە بە بەشێك لەو دەوڵەتانە دەدەین:[٢٨]

١- رووسیا: کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان کاریگەری لەسەر لایەنی ئەمنی رووسیا دروست دەکات هەوەها مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوەخۆی رووسیا درووست دەکات، کە رووسیا خاوەنی رێژەیەکی زۆرە لە موسڵمان کە لەئەگەری دەست بەسەرداگرتنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبان کاریگەری دەبێت لەسەر فکری موسڵمانە چیچانییەکان، مەترسیەکانیشی لەسەر ئاستی دەرەکی مۆسکۆ واهەست دەکات کە ئەمریکا دوای کشانەوەی لە ئەفغانستان دەیەوێت هێزەکانی خۆی لە وڵاتانێکی تری ئاسیای ناوەڕاست جێگیر بکات کە دۆستی روسیان وەك تاجیکستان و ئۆزباکستان،

٢-چین: بەهەمان شێوەی رووسیا چین ترسی لەوە هەیە کە ئەفغانستان دووبارە ببێتەوە مۆڵگەی تیرۆرستان لەو رێگەیەوە ببێت بە هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی چین، هەرچەندە چین سنوورەکانی لەگەڵ ئەفغانستان ٦٧ کیلۆمەترە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڵیبان دەبێتە هەرەشە بۆسەر ئاسایشی ناوەخۆیی چین وە لەهەمانکاتدا ناسەقامگیری ئەفغاستان کاریگەری پرۆژەی " رێگای ئاوریشمی " چینی دەبێت.

٣- ئێران: کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەدوو لایەنەوە کاریگەری لەسەر ئێران هەیە:

١-راگەیاندنی کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان وەك هاتنەدی گەورەترین ئومێدی ئێرانە، کە هەمیشە بوونی هێزی بیانی لەناوچەکەدا بەهۆکاری نەبوونی ئاسایش لە ناوچەکەدا ناودەبات.

٢-بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە کۆنترۆڵ بکرێت ئەوا ئێران رووبەرووی گرفتی مرۆیی و ئاسایش ئەبێتەوە، کە ئێران رووبەرووی لێشاوی پەنابەران دەبێتەوە لەهەمانکاتدا درووستبوونی دەوڵەتێکی سوونە- مەزهەب لە ناوچەکەدا دەبێتە هەرەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئێران.

بەهۆی گۆرانی ستراتیژییەت و بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ئەمەریکا بریاری کشانەوەی هێزەکانی دا لە ئەفغانستان وە هەروەها هەڵسا بە ریککەوتن لەگەڵ تاڵیبان، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو رێگەیەوە باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا بگۆرێت چونکە ئەفغانستان خاوەن پێگەیەکی هەستیار و گرینگە لە ناوچەکەدا کە کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئەوەیە کە ئەمەریکا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەرکێکی ستراتیچی ئەویش بەرنگار بونەوەی هێزی هەڵکشاوی چین و رووسیایە لە ناوچەکەدا وە رێگریکردن لە دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوەخۆی وڵاتان بە تایبەتی عێراق.

## بەشی سێیەم لێکەوتەکانی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان کاریگەری نەرێنی و لێکەوتەی خراپی لەسەر ئەو وڵاتە هەبوو، دوای داگیرکرنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە ئەو وڵاتە رووبەرووی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاسایش بووەیەوە لە هەموو روویەوە لەرووی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی ...هتد، ئەفغانستان لە هەموو

[٢٨]ريتشارد فونتين و فانس سيرشوك، الانسحاب الأمريكي من أفغانستان و تداعياته على الهند و الصين، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣، مأخوذة على الموقع المركز الديمقراطى العربى:
https://democraticac.de/?p=80037

روویەکەوە گەرایەوە دواوە بە تایبەتی لە رووی سیاسی کەوا سیستەمێك سیاسی بۆ بەرێوەبردنی وڵات دانراوە کە بونیاتنراوە لەسەر بنەمای توندوتیژی کە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەفغانیدا ناگونجێت. لێرەدا ئاماژە بەو لێکەوتانەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەدەین لەسەر ئەفغانستان:

### ١.٣ لێکەوتەی سیاسی

ئەفغانستان بە داهاتوویەکی نادیار تێپەردەبێت بەتایبەتی لەرووی سیاسیەوە، هەروەها کاریگەری رەوایەتی حکومەتی تازەی ئەفغانستان لە ژێر پرسیارە بەتایبەتی لەرووی دامەزراوە شەرعی و دیموکراسیەکانی دەوڵەت کە لەوپەری لاوازی دان تەنانەت دەسەڵات لەلایەن نوخبەیەکی سیاسیەوە کۆنترۆڵ کراون کە لەسەر بنەمای توندوتیژی دامەزراوە، تەنانەت هیچ ئومێدێك نییە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت کە گوزارشت لە رای گشتی بکات، ئەجێندای تاڵیبانیش بەکارهێنانێکی توندی شەرعیەتی تێدایە کەخەڵکی نیگەرانن لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان لەلایەن تاڵیبانەوە.[٢٩]

سەرەرای ناسەقامگیری دۆخی سیاسی وڵات تاڵیبان لەهەندێ رووەوە تووشی قەیران و کێشە بووە کە بەشێك لەو کێشانەی تووشی هاتووە بەهۆی مامەڵەی خراپی چەکدارەکانیەتی لەگەڵ خەڵك وە بەشەکەی تریش بەهۆی ئاراستە گشتیەکانی رێکخراوەکەیە کە ناگونجێت لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵگای ئەفغانی. لێرەدا سیناریۆکان یاخود پێشبینیەکان سەبارەت بە حکومرانی داهاتووی تاڵیبان لە ئەفغانستان دەخەینە روو:[٣٠]

ـ حکومەتێکی نوێنەرایەتی بنکە فراوان:- چاوەروان دەکرێت تاڵیبان لە ماوەیەکی کورتدا ئەم بڕاردەیە بگرێتە بەر، کە تاڵیبان لە هەوڵی دامەزراندنی ئەنجومەنێك دایە کە بتوانێت وەڵامی داواکارییەکانی هاوڵاتیان بداتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە تاڵیبان دڵنیایی بداتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی رۆژئاوا کە وا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت دەپارێزێت وە لێبووردنی تایبەت بۆ ئەو کەسانە دەردەکات کە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا دا کاریان کردوە یان لێخۆش بوون لە بەرپرسانی حکومەتی پێشوو. ئەمە سیناریۆییە کۆمەڵێك سوودی بۆ تاڵیبان دەبێت کە گرینگترینیان دەست گەیشتنیەتی بە یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان چونکە دوو لەسەر سێی داهاتی حکومەتی ئەفغانستان  پشت بەبەخشین و یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان دەبەستێت.

ـ دامەزراندنی میرنشینێکی توندرەوی ئیسلامی :- ئەم سیناریۆیە لە ئارادایە، کە لەماوەیەکی کورتدا تاڵیبان رێبازی کۆنی خۆیی دەگرێتەبەر وەك چۆن لە ساڵی ١٩٩٦ کردی، کە هەموو لایەن و گروپەکانی تر لە بەرێوەبردنی دەوڵەت دووردەخاتەوە وە هەروەها گۆرینی دەوڵەت بۆ پەناگەیەکی ئارام بۆ گروپە تیرۆرستیەکانی وەك (القاعدة و داعش ) وە بەوهۆیەوە گۆشەگیری نێودەوڵەتی بەسەر ئەفغانستان دا دەسەپێنرێ.

ـ دابەشبوونی تاڵیبان:- ئەمەش مەترسیەکی جدییە لەسەر سەقامگیری وڵات ، چونکە تاڵیبان لە چەندین گروپی جیاواز پێکهاتووە لەرووی نەتەوەیی و زمانەوە لەهەمان کاتدا بەرژەوەندی جیاوازی ئەم گروپانە ئەگەری

---

[٢٩] د.إسراء إسماعيل، فرصة أزمة: إجراءات اجتياز مستقبل أفغانستان الغامض(٢٠١٥), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، مأخوذة على الموقع المستقبل اللأبحاث و الدراسات المتقدمة
https://futureuae.com/ar/Mainpage/Item/699/فرصة-في-أزمة-إجراءات-اجتياز-مستقبل-أفغانستان-الغامض

[٣٠] مثال مصطفى هارون,خيارات أربعة: سيناريوهات الحكومة الافغانية الجديدة في ظل حكم طالبان، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، نفس الموقع الكترونى سابق
https://futureuae.com/ar/Mainpage/Item/6546/-خيارات-أربعة-سيناريوهات-الحكومة-الأفغانية-الجديدة-في-ظل-حكم-طالبان

دابەشبوونی تاڵیبان دووبارە مەترسی سەرهەڵدانی شەری ناوەخۆ هەیە لەسەر وڵات، هەربۆیە تاڵیبان لە هەوڵی بەردەوام دایە تاکو هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئەفغانستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و رازیان بکات کە تاڵیبان فەرمانرەواییان بکات.

راستە کەوتنی حکومەتی ئەفغانستان بەشێکی زۆری بەهۆی گەندەڵی بەرپرسەکانی ئەفغانستانەوە بوو بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمەریکاش دەستی هەبووە لە رووخانی حکومەتی ئەفغانستان و داگیرکردنی لەلایەن تاڵیبانەوە ، چونکە ئەمەریکا لەو ماوەی کە لە ئەفغانستان مایەوە بەبیانووی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکرات و شەرعی پشگیری لە بەشێك لە بەرپرس و کەسایەتیەکان دەکرد کە بەرێگەی ساختەکاریەوە دەگەیشتن بە دەسەڵات و هەخۆشی یارمەتی دارایی پشکەش دەکردن، هەربۆیە ئەم حکومەتە هیچ شەرعیەتەکی نەبوو لەلایەن خەڵکەوە هەربۆیە سوپا و سەربازەکان نەیانوویست شەر بۆ حکومەتێکە گەندەڵ بکەن کە ئەمەریکا پشتگیری لێدەکردن.

## ٢.٣ لێکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان

دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبان ئەمەریکا و هاوپەیمانان بریاری راگرتنی سەرجەم هاوکارییەکانی داوە کە کۆی هاوکارییەکان ساڵانە بە ٢٠ ملیار دۆلار دەخەملێنرا، دوای راگرتنی هاوکارییە داراییەکان ئابووری ئەفغانستان تووشی دارمانێکی خێراو بێ وێنە بووە وە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی پێشبینی دەکات کەئابووری ئەفغانستان لەماوەی چەند مانگێکدا ٣٠٪ دابەزین بەخۆیەوە ببینێ ، هەروەها هەڵوەشانەوەی بەشێك لە گرێبەستە ئابوورییەکان ئەفغانستان لەگەڵ وڵاتانی تر بەهۆی هاتنە سەر دەسەڵاتی تاڵیبان دۆخەکە زیاتر خراپ بکات بێگومان هەرەسی ئابووری دەبێتە هۆی ئەوەی کە وڵات بەرەو ئاژاوە و ناسەقامگیری ناوەخۆ هەنگاو بنێت وە وڵاتانی دراوسێ رووبەرووی شەپۆلێکی بە لێشاوی کۆچبەران ببنەوە.[31]

بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووری لە ئەفغانستان رێکخراوی " یونسێف UNISEF"  مەزەندەی ئەوە دەکات کە یەك ملیۆن منداڵ بەهۆی برسیتیەوە مەترسی مردنیان لەسەرە ، لەهەمانکاتدا  رێکخراوی بەرنامەی خۆراکی جیهانی پێشبینی دەکات کە ٩٨٪ خەڵکی ئەفغانستان خۆراکی تەواویان دەست ناکەوێت وە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی تاڵیبان دووبارە سنووردارکردنی مافەکانی ئافرەتان کە لەزۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستان تاڵیبان قەدەغەی کردووە کەوا کچان بچن بۆ قوتابخانە و زانکۆکان وە هەروەها تاڵیبان قەدەغەی کردووە کەوا ئافرەتان بەبێ پێچە و نیقابەوە دەربچن لە ماڵەکانیان، تەنانەت ئافرەتان دوای گەرانەوەی تاڵیبان بۆ سەر دەسەڵات مافی کارکردنیان لەدەست داوە بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور کە ئاماژە بەوە دەدات کە ٨٠٪ ئافرەتانی رۆژنامەنووس کارەکانیان لەدەست داوە دوای گەرانەوەی تاڵیبان.[32]

---

[31] د.أسماء فريد الرجال، يمن الاعتراف: مأزق أفغانستان بين تشدد طالبان و انهيار الانساني(٢٠٢١), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣، نفس الموقع الكتروني السابق.
https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6885/ثمن-الاعتراف-مأزق-أفغانستان-بين-تشدد-طالبان-والانهيار-الإنساني

[32] مثال مصطفى هارون، أتجاه المجتمح الدولى مع حكومة طالبان الأفغانية (٢٠٢١)، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، مأخوذة على الموقع المستقبل الأبحاث و الدراسات المتقدمة.

گرفتێکی تر کە دوای گەرانەوەی تاڵیبان رووی لە ئەفغانستان کرد ئەویش قەیرانی کۆچبەرانە کە رووی لە هەڵچوون کرد کە ئێستا جیهان رووبەرووی قەیرانێکی نوێی پەنابەران دەبێتەوە کە لە ئەفغانستانەوە دێت، بەتایبەتی چاوەرێ دەکرێت ملیۆنەها پەنابەر وڵاتەکەیان جێبهێڵن بەهۆی ترس و تۆقین لە دەسەڵاتی تاڵیبان بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا کاریان کردووە، یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی شەرنەکردنی سەربازانی سوپای ئەفغانستان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا سەربازەکان وایان هەست دەکرد ئەگەر ئەوان شەربکەن بەرامبەر تاڵیبان وە لەکاتی دەست بەسەر داگرتنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبان ئەوا چەکدارانی تاڵیبان تۆڵە لەخۆیان و خێزانەکانیان دەکاتەوە.[٣٣]

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئەو وڵاتەی تووشی دارمانێکی گەورەی ئابووری کرد، چونکە ئەفغانستان لە رووی ئابووریەوە ئابووریەکی خۆبژێووی نەبوو بەڵکو پشتی بە یارمەتیە دەرەکی و نێودەوڵەتیەکان دەبەست هەربۆیە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبان و راگرتنی یارمەتییە داراییە دەرەکیەکان ئەو وڵاتە تووشی هەڵاوسان و دارمانێکی گەورەی ئابووری و مرۆیی بوویەوە.

## ٣.٣ لێکەوتەی ئەمنی و ئاسایش

کەوتنی خێرای کابوول و شکستی سوپای ئەفغانستان بەرامبەر تاڵیبان وە گۆرینی حکومەت و سیستەمی حکومرانی کارەساتێکی گەورەی لە ئەفغانستان دروست کرد ، کاتێك تاڵیبان توانی تەنیا لە ماوەی ١١ رۆژدا ئەفغانستان بەتەواوی داگیربکات هەر لەسەرەتاوە دەستی کرد بە هێرشی تۆڵەکردنەوە لە کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان ، بەتایبەتی لە سەربازانی پێشووی هێزی بەرگری و ئاسایش کە بەژداریان کردبوو لە جەنگی دژی تاڵیبان . ئەفغانستان لە ئاژاوەیەکی بێ وێنەدایە دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ئەفغانستان کشانەوە و دیار نییە ئەو وڵات چۆن گەشەدەکات کە دەیان ساڵە تووشی شەر و وێرانکاری بووە.[٣٤]

هەرەشەی رێکخراوە تیرۆرستیەکان وایکرد کە ٥ ملیۆن کەس لە ئەفغانستان ئاوارە بن بۆ وڵاتانی دراوسێ وەك ئێران و پاکستان ، بەهۆی کۆمەڵێك کێشەی ئەمنی ئەفغانیەکان ناچارن کەوا وڵات بەجێبهێڵن وەك نەبوونی ئاسایشی خۆراك و نەبوونی تۆری سەلامەتی کە دوای هاتنە سەر دەسەڵای تاڵیبان ئەم دوو بوارە بەتەواوەتی لەکارکەوتوون کە ئەمەش قەیرانێکی نەتەوەییەکە بەهۆی دارمانی ئابووری و راوەستانی

---

اعتراف-منقوص-اتجاه-المجتمع-الدولي-للتعاون-مع-حكومة-https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6982/ طالبان-الأفغانية

[٣٣] أحمد دیاب ، مابحد سقوط كابول: نبحاث " عودة طالبان " بين خطر الأرهاب و تفق الاجيئين (٢٠٢١)، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، نفس الموقع الكترونى السابق.
ما-بعد-سقوط-كابول-تبعات-عودة-طالبان-بين-خطر-https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6501/ الإرهاب-وتدفق-اللاجئين

[٣٤] حسين نجاح ، انكسار وانهيار .. ذهول في أفغانستان من السقوط السريع امام طالبان (٢٠٢١) ، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣ ، مأخوذة على الموقع الروية:
انكسار--https://www.alroeya.com/60-65/2230119 وانهيار-ذهول-في-أفغانستان-من-السقوط-السريع-أمام-طالبان

یارمەتییە نێودەوڵەتیەکان کە کۆڵەکەی دابینکردنی خزمەتگوزاییە سەرەتاییەکان و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا بوون .[٣٥]

شکستی سوپای ئەفغانستان بەرامبەر بە تاڵیبان جێگەی سەرسورمانە ، چونکە لەهەموو روویەکەوە سوپای ئەفغانستان بەهێزتر بوو لە هێزەکانی تاڵیبان کەچی تاڵیبان توانی لەماوەی ١١ رۆژدا توانی تەواوی ئەفغانستان داگیر بکات ، بێگومان کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ شکست هێنانی سوپای ئەفغانستان بەرامبەر بە تاڵیبان:[٣٦]

١-بەهەند وەرنەگرتنی پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لەلایەن بەرپرس و سەرکردە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە، چونکە ئەوان پێیان وابوو کە بریاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا تەنیا بۆ مەبەستی گوشار خستنەسەرە ئەگەرنا ئەمەریکا بە تەواوی ناکشێتەوە.

٢-گەندەڵی زۆر لەناو دام و دەزگا سەربازییەکانی وڵات نەبوونی سەرکردایەتی بە هێز بۆ شەرکردن دژی تاڵیبان ، هەروەها نەبوونی سوپایەکی بەهێز و یەکگرتوو سەرەرای ئەمەش حکومەت لەشەرکردن دژی چەکدارانی تاڵیبان پشتی بە میلیشیا و یەکە تایبەتەکانی سەر بە هۆز وخێڵەکان دەبەست کە ئەوان تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان شەریان دەکرد بەبێ گوێ دان بە ئاسایشی نەتەوەیی.

٣-ناکۆکی سیاسی نێوان هێزە سیاسیەکان و نەبوونی هیچ هێڵێکی سوور بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان هاوڵاتیانی ناچارد کە وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن بەهۆی دڵنیا نەبوون لە سەلامەتی و ئاسایشی وڵاتەکەیان ، وە خەڵك تۆقیوون لە چەکدارانی تاڵیبان چونکە چەکدارەکان بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن و ئەشکەنجەی هاوڵاتیان دەدەن بەبێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات وە ملکەچ بن بۆ یاساییەکی دیاریکراو ، تەنانەت تاکی ئەفغانی لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێ بەشکراون وەك مافی خوێندن و کارکردن ...هتد.

---

[٣٥]صندوق النقد الدولى: انهيار الاقتصاد الأفغاني قد يفجر أزمة لآجيئي، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٥ ، مأخوذة على الموقع الكترونى:
https://www.alaraby.co.uk/economy/صندوق-النقد-انهيار-الاقتصاد-الأفغاني-قد-يفجر-أزمة-لاجئين#aoh=16483168204578&referrer=https%3A%2F%2Fwww.google.com&amp_tf=من%٢٠٪٢٥١٪٢٤s&ampshare=https%3A%2F%2Fwww.alaraby.co.uk%2Feconomy%2F%25D8%25B5%25D9%2586%25D8%25AF%25D9%2588%25D9%2582-%25D8%25A7%25D9%2584%25D9%2586%25D9%2582%25D8%25AF-%25D8%25A7%25D9%2586%25D9%2587%25D9%258A%25D8%25A7%25D8%25B1-%25D8%25A7%25D9%2584%25D8%25A7%25D9%2582%25D8%25AA%25D8%25B5%25D8%25A7%25D8%25AF-%25D8%25A7%25D9%2584%25D8%25A3%25D9%2581%25D8%25BA%25D8%25A7%25D9%2586%25D9%258A-%25D9%2582%25D8%25AF-%25D9%258A%25D9%2581%25D8%25AC%25D8%25B1-%25D8%25A3%25D8%25B2%25D9%2585%25D8%25A9-%25D9%2584%25D8%25A7%25D8%25AC%25D8%25A6%25D9%258A%25D9%2586

[٣٦] نەوزاد هێتوتی، ئەفغانستان بۆچی کەوتە دەستی تاڵیبان؟ (٢٠٢١) ، بەرواری سەرداریکردن ٢٠٢٢/٣/١٨ ، وەرگیراوە لە سایتی پێنووس:
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1834-2021-08-19-07-46-31

## دەرئەنجام

١- رێککەوتنامەی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبان ئەو پەیامە دەدات بە لایەنانەی کە هاوکاری ئەمەریکا بوون ، کە ئەمەریکا هاوبەشێکی متمانە پێکراو نییە.

٢- کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان دوای ٢٠ ساڵ ئەمەریکا مەبەستیەتی دووبارە هاوسەنگی هێز لە ناوەچەکەدا بگۆرێت لە بەرژەوەندی خۆی بەرامبەر بە خستنە بەر مەترسی دژبەرەکانی تا خۆی وەك تەنیا زلهێزی جیهان بمێنێتەوە.

٣- ئەفغانستان دوای داگیرکردنی لەلایەن تاڵیبان رووبەرووی قەیرانێکی گەورەی مرۆیی بوویەوە کەوا ئەفغانستان لەهەموو بوارەکان گەرایەوە دواوە ، تەنانەت هاوڵاتیان لە سەرەتایترین مافەکانیان بێ بەشکران.

٤- وڵاتانی دراوسێی ئەفغانستان هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەرێگای دیبلۆماسی مەترسیەکانی تاڵیبان لە سنوورەکانیان دووربخەنەوە، بە بەژداپێکردنی تاڵیبان لە کۆبوونەوە ئاشتیەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی بۆ کەمکردنەوەی ئەو گرژیانەی کەوا لە ئارادان.

٥- دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبان ، تاڵیبان هەڵسا بە دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی سوونە مەزهەب هەرچەندە تاڵیبان لە ئێستادا وا خۆی نیشاندەدات کەوا دەیەوێت حکومەتێکی بنکە فراوان دابمەزرێنێت بۆ رازیکردنی رای گشتی نێودەوڵەتی ، بەڵام ئەگەری ئەوەش لە ئاراداییە کەوا تاڵیبان بگەرێتەوە سەر سروستی کۆنی خۆیی و حکومەتێکی ئیسلامی توندرەو دابمەزرێنێت کە هەموو پێکهاتە و نوخبە سیاسیەکانی تر لە دەسەڵات دووربخاتەوە ئەمەش بەهۆی ئەو توندوتیژییەی کەوا تاڵیبان بەرامبەر بە کەمە نەتەوایەتی و ئاینیەکان ئەنجامی دەدات.

٦- هەرچەندە تاڵیبان لە ئێستادا لە هەڵی ئەوە دایە کەوا متمانەی هاوڵاتیان بەدەست بهێنێت بۆ رازی بوونیان بە دەسەڵاتی تاڵیبان ، بەڵام هیچ ئاسۆییەکی روون نییە بۆ ئەوەی کە تاڵیبان واقیحیەتەن دەیەوێت مافەکانی هاوڵاتیان بپارێزێت بە تایبەتی مافەکانی ئافرەتان ، چونکە دوای گەرانەوەی تاڵیبان دووبارە سنووردارکردن گەرایەوە بۆسەر ئازادیەکانی ئافرەت لەو وڵاتەدا.

## لیستی سەرچاوەکان


کتێبە کوردییەکان:

١- موعتەسەم نەجمە الدین، ئەمریکا؛ سەرکەوتن و پاشەکشێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٥، ل: ٩١_٩٣.

٢- سەرمەد ئەحمەد، عەرەب ئەفغانیەکان(چیرۆکی دروستبوونی ڕێکخراوی القاعدة)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩١-٩٣.

٣- د.نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی ماد، هەولێر، ٢٠٢١، ل: ١٤٣.

کتێبە عەرەبیەکان:

١-ديفيد دابليو ليش، الشرق الاوسط و الولايات المتحدة (إعادة تقيم تاريخى و سياسى) ،ت.أحمد محمود، الطبعة الاول، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٦٨٣_٦٨٥.
٢-د. محمود محمد على، الجهاد الآمريكى ضد السوفيتى، الطبعة الثانى ،دارالوفاء الدنيا، الاسكندريه، ٢٠١٩،ص:٣٠_٣٣.

٣- د.محمد سەرفراز، حركة طالبان(من النشاء حتى السقوط) ،الطبعة الآولى، دار الطبعة الميزان، بيروت_ لبنان، ٢٠٠٨، ص٢١٣.

٤- د.محمود محمد على، الآبحاد الحقيقية للغزو الآمريكي لآفغانستان، الطبحة الأولى ،دار الوفاء لدنيا، الاسكندرية،٢٠١٧، ص١٦-١٨.

٥- د. إبراهيم عبدالطالب،الغزو الأجنبي أفغانستان خلال القرون الثلاثة الأخيرة،الطبحة الأولى ،٢٠٠٩،ص٢٥

٦- د.سوسن العساف،استراتيجيةالردع (العقيدة العسكرية الآمريكية الجديدة و الاستقرار الدولى)، الطبحةالآولى ، بيروت _ لبنان، ٢٠٠٨، ص: ١٩٦-١٩٧.

٧- إياد خازر المجالى، أثر ظاهرة الإرهاب فى الإستراتيجية الآمريكية تجاه الشرق الآوسط للفترة ٢٠٠١-٢٠١٤،رسالة الماجستير فى العلاقات الدولية ـ قسم العلوم السياسة، جامعة مؤتة، ٢٠٠٥، ص:٦٧-٦٨.

سایت و ماڵپەرە کوردییەکان:

١-سەرۆ قادر، لە ئەفغانستان بۆچی تالیبان گەرایەوە وحکومەت چۆن ڕووخا؟ (٢٠٢٢)، وەرگیراوە لە سایتی گوڵان، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/١٤:
https://gulanmedia.com/so/story/266828/لە-ئەفغانستان-بۆچی-تالیبان-گەرایەوە-حکومەتێک-چۆن-ڕوخا

٢-ئاسۆ عەلی، شکست و سەرکەوتنی ئەمریکا لە ئەفغانستان(٢٠٢١)، بەرواری سەردانیکردن ١٢/ ٣/ ٢٠٢٢،وەرگیراوە لە سایتی ئاوێنە:
https://www.awene.com/article?no=17655&auther=2629

٣-. ن. ئێردوارد ئۆراها، و. گەیلان عەباس، کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان ئامانجەکانی دەپێکێت؟ ،(٢٠٢١)،بەرواریی سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٢٣،وەرگیراوە ماڵپەرەی ناوەندی بەیان بۆ توێژینەوە و پلاندانان.

٤- ئارام مەحمود ئەحمەد، کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان ئەگەر ولێکەوتەکانی (٢٠٢١)، بەرواری سەردانیکرد ٢٠٢١/٣/١٢، وەرگیراوە لە ماڵپەری ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، زنجیرەی ١٥٠
٥- نەوزاد هێتوتی، ئەفغانستان بۆچی کەوتە دەستی تاڵیبان؟ (٢٠٢١) ، بەرواری سەرداریکردن ٢٠٢٢/٣/١٨ ، وەرگیراوە لە سایتی پێنووس:
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1834-2021-08-19-07-46-31

سایت و ماڵپەرە عەرەبییەکان:

١- محمد ابو الحلا، سبب انسحاب امريكا من افغانستان (٢٠٢١)، مأخوذة على موقع محتويات، من تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٥
https://mhtwyat.com/سبب-انسحاب-امريكا-من-افغانستان

٢-د. حمد جاسم محمد، الانسحاب الامريكي من افغانستان و عودة طالبان...قراءة في الاسباب و النتائج (٢٠٢١), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢, مأخوذة على مركزالدراسات الاستراتيجية_ جامعة كربلاء:
https://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/wp/blog/2021/09/09/الانسحاب-الامريكي-من-افغانستان-وعودة/

٣-وحدة تدقيق الوقائع، افغانستان : كم كلفت الحرب ضد طالبان واشنطن و حلفاءها خلال ٢٠ عاما؟(٢٠٢١), تأريخ٢٠٢٢/٣/١٢, على الموقع الألكتروني:
https://www.bbc.com/arabic/world-58245464.amp

٤-د.فيصل القاسم, امريكا إلى أين بحد الانسحاب من افغانستان؟(٢٠٢١), ، مأخوذ على الموقع القدس العربي، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٤:
https://www.alquds.co.uk/أمريكا-إلى-أين-بعد-الانسحاب-من-أفغانست/

٥-مثال مصطفى هارون، انعكاسات صعود حركة"طالبان" على الشرق الأوسط(٢٠٢١),تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣, مأخوذة على الموقع المستقبل الأبحاث و الدراسات المتقد
https://futureuae.com/ar-AE/Activity/Item/171/ارتدادات-إقليمية-انعكاسات-صعود-حركة-طالبان-على-الشرق-الأوسط

٦-كاثرين ويلبارغر، هارون ي.زيلين، پاتريك كلاوسون، من افغانستان إلى الشرق الاوسط: تداعيات الانسحاب الأمريكي و انتصار "طالبان"، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٤، مأخوذة على الموقع الألكتروني:
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/mn-afghanstan-aly-alshrq-alawst-tdayat-alanshab-alamryky-wantsar-talban

٧-بى بى سى،كيف كبدت طالبان الولايات المتحدة خسائر تقدر بترليون دؤلار؟(٢٠٢١)، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٠، مأخوذة على الموقع الالكتروني:
https://www.bbc.com/arabic/world-45247779#aoh=16473676903676&referrer=https%3A%2F%2Fwww.google.com&amp_tf=من%٢٠٪٢٥١٪٢٤s&ampshare=https%3A%2F%2Fwww.bbc.com%2Farabic%2Fworld-45247779

٨-ريتشارد فونتين و فانس سيرشوك، الانسحاب الأمريكي من أفغانستان و تداعياته على الهند و الصين، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣، مأخوذة على الموقع المركز الديمقراطى العربى:
https://democraticac.de/?p=80037

٩-د.إسراء إسماعيل، فرصة أزمة: إجراءت اجتياز مستقبل أفغانستان الغامض(٢٠١٥), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، مأخوذة على الموقع المستقبل اللأبحاث و الدراسات المتقدمة
https://futureuae.com/ar/Mainpage/Item/699/فرصة-في-أزمة-إجراءات-اجتياز-مستقبل-أفغانستان-الغامض

١٠-د.أسماء فريد الرجال، يمن الاعتراف: مأزق أفغانستان بين تشدد طالبان و انهيار الانساني(٢٠٢١), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣، نفس الموقع الكتروني السابق.
https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6885/ثمن-الاعتراف-مأزق-أفغانستان-بين-تشدد-طالبان-والانهيار-الإنساني

١١-مثال مصطفى هارون، أتجاه المجتمح الدولى مع حكومة طالبان الأفغانية (٢٠٢١)، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، مأخوذة على الموقع المستقبل الأبحاث و الدراسات المتقدمة.
https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6982/اعتراف-منقوص-اتجاه-المجتمع-الدولي-للتعاون-مع-حكومة-طالبان-الأفغانية

١٢- أحمد دياب ، مابحد سقوط كابول: نبحاث " عودة طالبان " بين خطر الأرهاب و تفق الاجيئين (٢٠٢١)، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢، نفس الموقع الكترونى السابق.
https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6501/ما-بعد-سقوط-كابول-تبعات-عودة-طالبان-بين-خطر-الإرهاب-وتدفق-اللاجئين

١٣- حسين نجاح ، انكسار وانهيار .. ذهول في أفغانستان من السقوط السريع امام طالبان (٢٠٢١) ، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٣ ، مأخوذة على الموقع الروية:
https://www.alroeya.com/60-65/2230119-انكسار-وانهيار-ذهول-في-أفغانستان-من-السقوط-السريع-أمام-طالبان

١٤-صندوق النقد الدولى :انهيار الاقتصاد الأفغاني قد يفجر أزمة لآجيئي، تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٥ ، مأخوذة على الموقع الكترونى:
https://www.alaraby.co.uk/economy/صندوق-النقد-انهيار-الاقتصاد-الأفغاني-قد-يفجر-أزمة-لاجئين#aoh=16483168204578&referrer=https%3A%2F%2Fwww.google.com&amp_tf=من%٢٠%٢٥١%٢٤s&ampshare=https%3A%2F%2Fwww.alaraby.co.uk%2Feconomy%2F%25D8%25B5%25D9%2586%25D8%25AF%25D9%2588%25D9%2582-%25D8%25A7%25D9%2584%25D9%2586%25D9%2582%25D8%25AF-%25D8%25A7%25D9%2586%25D9%2587%25D9%258A%25D8%25A7%25D8%25B1-%25D8%25A7%25D9%2584%25D8%25A7%25D9%2582%25D8%25AA%25D8%25B5%25D8%25A7%25D8%25AF-%25D8%25A7%25D9%2584%25D8%25A3%25D9%2581%25D8%25BA%25D8%25A7%25D9%2586%25D9%258A-%25D9%2582%25D8%25AF-%25D9%258A%25D9%2581%25D8%25AC%25D8%25B1-%25D8%25A3%25D8%25B2%25D9%2585%25D8%25A9-%25D9%2584%25D8%25A7%25D8%25AC%25D8%25A6%25D9%258A%25D9%2586

١٥-رسلان عامر، لماذا انسحبت أمريكا من افغانستان؟ (٢٠٢١), تأريخ ٢٠٢٢/٣/١٢,مأخوذة الموقع الرئيسية المجلة قضايا:
https://www.suwar-magazine.org/articles/2199_لماذا-انسحبت-أمريكا-من-أفغانستان